# خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٨

د. جمال فتح الله طيب
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی مێژوو

د. ئاراس عبدالرحمن مستەفا
زانکۆی ڕا پەڕین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

**پێشەکی:**

هەرچەندە شاری سلێمانی لە ڕووی مێژووییەوە شارێکی دێرین نییە، بەلأم بوونی ئەم شارە بەپایتەختی میرنشینی بابان، لەگشت ڕوویەکەوە هۆکارێکی گرنگی گەشەکردنی بوو ، لەم شارەدا هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی پەرەیان سەند و دەرگای چەندین قوتابخانەی بەڕوودا کرایەوە، ئەمانە هەموو بوونە هەوێنی دەرکەوتنی چینێکی خوێندەوار و هۆشیار بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان، کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر دەرکەوتنی ژمارەیەك ڕۆشنبیر و شاعیری گەورە هەبوو، کە کاریگەری زۆریان لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی و وابەستە بوون بەخاك و نیشتیمانەوە هەبووە، دواتر بوو بەپاڵنەرێکی سەرەکی لە هاندانی خەڵکی سلێمانی، لە بەگژداچوونەوەی ستەم و زۆرداری سەرانی پاشایەتی لەعێراق و ڕەتکردنەوەی سیاسەتە چەوتەکانیان.

هەڵوێستی جوامێرانەی خەڵکی سلێمانی لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی داگیرکەرانەی پڕ لەئازار و ئەشکەنجە، کارێکی وایکرد کە تەنانەت ئافرەتانی ئەم شارە شان بەشانی پیاوان بەشداری کارای خۆپیشاندانەکان بکەن، هەموو ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٨)دا.

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا دووچاری هەندێ گرفت بووین، لەوانە: نەمانتوانی سوود لەو ڕۆژنامانە وەربگرین کە لەو سەردەمەدا دەردەچوون، چونکە دوای گەڕانێکی زۆر بە کتێبخانەکاندا ئەو ڕۆژنامانە نەبوون و دەست نەکەوتن.

لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی زانستی مێژوویی سیاسی بەستووە، کە خۆی لە خستنەڕووی ڕووداوەکان و شیکردنەوە و هەلهێنجان دەبینێتەوە و دواتریش دید و تێڕوانینی خۆمان خستۆتەڕوو.

لەئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سودمان لەچەندین سەرچاوە بەزمانی کوردی و عەرەبی وەرگرتووە، لەوانە (جەمال نەبەز: سلێمانی شارە گەشاوەکەم) و (عزالدین مستەفا ڕەسول: بەشێك لەیاداشتەکانم)، هەروەها هەندێ سەرچاوەی عەرەبی ، لەوانە (جعفر عباس حمیدی: التگورات والاتجاهات، السیاسیە الداخلیە فی العراق (١٩٥٣-١٩٥٨). جگە لەوانە لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێ کەسایەتی سەردەمی ڕووداوەکە، لەوانە (عزالدین مستەفا ڕەسوڵ و بەهائەدین نوری و جەمال بابان) کە سوودی زۆری هەبوو لەبەهادار کردنی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی.

ئەم توێژینەوە لە پێنج تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم: بەکورتی باس لەخۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٤٨ دەکات، دواتریش باس لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٩ دەکات. تەوەری دووەم: تایبەتە بە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٢. تەوەری سێیەم: پەیوەستە بە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەساڵی ١٩٥٤، تەوەری چوارەم: باس لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی دەکات لەساڵی ١٩٥٥ لەدژی پەیمانی بەغدا، تەوەری پێنجەم و کۆتایی باس لەخۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەساڵی ١٩٥٦ دەکات، کە دوو بابەت لەخۆ دەگرێت، لەبابەتی یەکەمدا باس لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی کراوە لەدوای گەیشتنی تەرمی شێخ مەحمود بۆ شارەکە و بابەتی دووەمیش تایبەتکراوە بەخۆپیشاندانەکانی ئەم شارە، لەدژی هێرشی سێ قۆڵی (بەریتانیا- فەرەنسا- ئیسرائیل) بۆ سەر میسر.

**تەوەری یەکەم: خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە کانوونی دووەمی ١٩٤٩:-**

شاری سلێمانی بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی رژێمی پاشایەتی لە عێراق (١٩٢١-١٩٥٨)، یەکێك بوو لەو شارانەی کە خاوەنی پێگەیەکی گرنگی سیاسی و رۆشنبیری بووە، زۆر جار لە دوای بەغداد ناوی دەهات و لە هەموو بۆنەو ڕاپەرینەکاندا بەشداری کارایی کردووە، دیارە ئەمانە هەروا لە خۆڕایی نەبووە، بەڵکو لە سەردەمانیکی زووەوە ئەم شارە ناوەندێکی گرنگی روناکبیری و خەباتی سیاسی بووە[1].

دوایی هەڵگیرسانی شۆرشی بارزانی دووەم (١٩٤٣-١٩٤٥)، ژمارەیەك لە ئەفسەرە کوردەکان چوونە پاڵ شۆڕشەکە، لەوانە: (عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروللا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی). حکومەتی پاشایەتی لە عێراق لە ساڵی ١٩٤٥ فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکردن، هەر ئەو ئەفسەرانە، کاتێك کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ٢٢/١/ ١٩٤٦ ڕاگەیاندرا، هەموویان چوونە پاڵی، بەڵام دوای رووخانی کۆمار لە ١٧/ ١٢/ ١٩٤٦، بەناچاری گەرانەوە عێراق[2] ، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق لێیان خۆش نابن و سەر لەنوێ دادگاییان دەکەنەوەو فەرمانی لە سێدارەدانی بە سەر هەر چواریاندا سەپاندو لە شەوی ١٨-١٩/ ٦/ ١٩٤٧ لە سێدارە دران، دواتر تەرمەکانیان بۆ شارەکانی خۆیان دەگەڕێننەوە، لەوانە: تەرمی مستەفاخۆشناوو محەمەد مەحمود قودسی ڕەوانەی شاری سلێمانی کران و بەگەیشتنی کەژاوەی تەرمەکانیان بۆ شارەکە، خەڵکی سلێمانی بە ژن و پیاو گەورەو بچووکەوە ڕژانە سەر شەقامەکان و دەنگی ناڕەزاییان بەرز کردەوە، لە ئاپۆرایەکی جەماوەریدا تەرمەکانیان لە گردی سەیوان ناشت[3].

کاتێك کە ( پەیمانی پۆرتسمۆپ )[4] لەنێوان عێراق و بەریتانیا لە ٤/١/١٩٤٨ مۆرکرا، هاوکات هاووڵاتیانی شاری سلێمانی لەگەڵ هاووڵاتیانی بەغداو شارەکانی تری عێراق خۆپیشاندانیان لە دژی پەیمانەکە کرد،

---

[1] ئەکرەمی ساڵحی رەشە: شاری سلێمانی ٢٠٠ ساڵ، پێداچوونەوە و پێشەکی د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١١، ل٦١.

[2] عەلائەدینی سەجادی: مێژووی ڕپەرینی کوورد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئێران، ئێران، ١٩٥٩، ل٩٤.

[3] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی دارالحریە للگباعە، بغداد، ١٩٩٨، ل١٧٧-١٧٨.

([4]) پەیماننامەی پۆرتسمۆپ : ئەو پەیماننامەیە بوو کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا لە ١٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ دا بەسترا، تا شوێنی پەیماننامەی ١٩٣٠ بگرێتەوە کە رای گشتی عێراقی داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکرد، بەڵام ناوەڕۆکی پەیماننامەکە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوی پێشتردا نەبوو، بۆیە راپەڕینێکی میللی کە بە ( الوثبة ) ناسرا هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکەی لێکەوتەوە بۆ

بەتایبەتی دوای ئەوەی تەرمی ڤالە چاوشینی کوڕی عەبدوللای سەعید گەیشتەوە شاری سلێمانی، کە پێشتر بۆ ئیش و کاری تایبەتی خۆی سەردانی بەغدای کردبوو بە گوللەی وێڵ کوژرابوو. لەم خۆپیشاندانەدا ژمارەیەك نووسەرو شاعیر بەشداریان تێدا کردبوو هەندێ هۆنراوەیان خوێندەوە[١].

دانیشتوانی شاری سلێمانی هەموو ساڵێك لە یادی نەورۆزو ئەو خۆپیشاندان و راپەڕینانەی کە ساڵانی پێشتر ئەنجامدرابوون دەکەوتنە جموجوڵ و خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و راپەڕین دژی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق، یادکردنەوەی راپەڕینی کانوونی دووەمی (١٩٤٨)، لەلای پارتەکانی وەکو حیزبی تەحرورو پارتی دیموکراتی کورد، بە گرنگ دادەنراو بەرنامەی بۆ دادەڕێژرا، لەم بارەیەوە حیزبی شیوعی کە ئەو کات لەنێو هاووڵاتیانی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی، هەواداری زۆری هەبوو، پلانێکی بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و راپەڕین دارشت، بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە رێگای (کەریم سۆفی)ەوە، (بەهائەدین نوری) رادەسپێرێت کە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی خۆپیشاندانەکان لە ئەستۆ بگرێت، لەم بارەیەوە بەهائەدین نوری دەڵێت:" بە بێ دوودڵی ڕازی بووم ئەرکی سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکە لە ئەستۆ بگرم، تاکە دواکارم ئەوە بوو جێیەکی لەبارم بۆ ساز بکەن خۆمی تێدا بشارمەوە، کەریم سۆفی ئێوارەی هەمان ڕۆژ بردمی بۆ ماڵی فەتاحی بەرگدروو کە لاوێکی شیوعی بوو لە گەڕەکی مەڵکەندی، لەسەر داوای خۆم دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی کە خۆپیشاندانەکەی لێوە دەست پێدەکات بۆ خۆم هێڵرایەوە، خاڵێکی قەرەباڵغی ناوەڕاستی بازاڕی شارم هەڵبژاردو ئاگاداری بەشداران کرایەوە کە لە کاتی دیاریکراودا ئامادەبن. خۆم بە دەمامك کراوەوە ئامادەبووم و وەك نیشانەیەك بۆ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکەو یەکەم هوتافم کێشا، دواتر بۆم دەرکەوت پۆلیس پێیان نەزانیوە و ئێمە لە ناخافڵدا لێیان پەیدا بووین، چونکە هیچ شتێکی وا سەرنجی ڕانەکێشام نیشانەی پێشتر بەخۆکەوتنی ئەوان بێ. ژمارەی خۆپیشاندەران خۆی دەدا لە دوو سەد کەس، چەند لافیتەیەك بەرز کرانەوە چەندین هوتاف کێشران، کە سەرجەمیان لە دژی ئیمپریالیزم و حکومەتی بەکرێگیراو و بانگهێشتکردنی جەماوەر بوون بۆ تازەکردنەوەی راپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨. خۆپیشاندانەکە چەند سەد مەترێك بەڕێوەبوو، لە بەرامبەردا کۆمەڵێکی گەورەی پۆلیسی پیادەو سوارەو ئۆتۆمبێل لە دورمان گردبونەوە، بەرلەوەی هیچ پێکداهەڵبژانێك رووبدات یان خۆپیشاندەرێك بگیرێت، دواجار لەبەردەم (گومرگ سووتاو)دا فەرمانی بڵاوە پێکردنمدا" [٢].

---

زانیاری زیاتر بڕوانە ، عبدالرزاق الحسنی، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء السابع، الطبعة السابعة، بغداد، ١٩٨٨، ص ٢٣٤-٢٤٠ ؛ دکتۆر كمال مظهر احمد : صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، دراسات تحليلية، بغداد، ١٩٨٧، ص١٣٧-١٤٠ .

[١] هـ. س: ل١٨٣-١٨٤.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤ ؛ ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی تەکیەی سەر بە پارێزگای کەرکوك لە دایك بووە، لە سەرەتای لاوێتیدا چۆتە ڕیزی حیزبی شیوعی عێراقەوە، لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤١ شاری بەغداد رۆڵی باشی بینیوە، یەکێك بووە لە رابەرانی خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ١٩٤٧، ١٩٤٩،١٩٤٨ ، لە شاری سلێمانی، چەندین جار لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی پاشایەتی زیندانی کراوە، ماوەیەك سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بووە، لە دوای لێکترازانی حیزبی شیوعی و حیزبی بەعسی عێراق، لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە پەیوەندی بە شاخەکانی کوردستانەوە کردووە لە ریزی حیزبی شیوعی عێراق- هەرێمی کوردستان درێژەی بە کاری سیاسی و چەکداری داوە، لە دوای راپەڕین لە حیزبی شیوعی جیا بۆوەو پارتی دیموکراتی خوازانی دامەزراند؛ بەهادین نوری: بیرەوەرییەکان، بەشی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٥، ل ٧١-٧٤.

وەك دەردەکەوێت ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کردبوو زۆر کەم بووە، تەنانەت هەوادارانی شیوعیەکانیش بەباشی خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو. لەگەڵ ئەوەی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی لەو کاتەدا سەراپا بەرهەڵستی ڕژێم بوونو بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەی هاوسۆزی شیوعیەکان بوون، هەردەم دەرگای ماڵانی خەڵك بۆ لەباوەشگرتن و شاردنەوەی خۆپیشاندەران لە کاتی ڕاونانیاندا لە لایەن پیاوانی ڕژێمەوە خرابووە سەرپشت، هەر کاتێ پۆلیس لەنێو ماڵکاندا بە دوای خۆپیشاندەران بگەڕابایەو خۆی بکردبایە بە ماڵێکدا کە خۆپیشاندەر پەنای بۆ هێنابێ، زۆربەی کات بە دەستپێشخەریی خاوەن ماڵەکەو لە سەربانەکەیانەوە خۆپیشاندەریان دەگەیاندە ماڵێکی دیکە، نەزانراوە پۆلیس ئەو ڕۆژانە توانیبێتی هیچ خۆپیشاندەرێك لە نێو یەکێك لەو ماڵانەدا دەسگیر بکات[١].

لە ٢٧ کانوونی دووەمی ١٩٤٩،جارێکی تر خۆپیشاندان لە لایەن ئەندام و لایەنگرو هەوادارانی(حیزبی شیوعی) ڕێکخرا، ئەمجارەیان تابوتێکیان لەگەڵ پارچە قوماشێك ئامادەکردبوو، تا لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان بەکاری بهێنن، بەم شێوەیە خۆپیشاندان دەستیپێکرد بەبێ ئەوەی خەڵك و پۆلیس بزانن، کە بریتی بوو لە تابوتێکی ڕەمزی ، بۆیە کەژاوەکە شان و شکۆی خۆپیشاندانەکەی زیاتر کردبوو، خەڵکێکی زۆر بەشداریان تێدا کردو بەناو بازاڕو بە بەردەم دوکاندارەکاندا ئاپۆرای خۆپیشاندان و هوتاف کێشان کە زیاتر دژی سیاسەتەکانی حکومەتی پاشایەتی بوون بە جارێ ترسی خستبووە دڵی هێزەکانی پۆلیس و کاربەدەستانی حکومەتەوە، لە بەرامبەردا ژمارەیەکی زۆری پۆلیس کە هێندەی ژمارەی خۆپیشاندەرەکان دەبوون ئامادە کرابوون و چواردەوری خۆپیشاندەرانیان گرتبوو. ئەوانەی سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکەشیان دەکرد، توانیان مزگەوتێك هەڵبژێرن بۆ خۆڕزگارکردن، هەرچەندە ئەم پلانە سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چەند کەسێك لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران وەك (فەرەج مەحمود و نووری دارتاش)، تابوتەکەش بە بۆشی کەوتە ژێردەستی پۆلیس.[٢]

بۆ جاری سێ یەم خۆپیشاندان لە ٣٠ کانونی دووەم ١٩٤٩ لە شەقامی سابونکەران دەستی پێکردەوە، پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ماوەیەکی باشی خایاندو ژمارەیەك خۆپیشاندەر بریندداربوون، بەڵام کاربەدەستانی حکومەت بە هێزێکی زۆرەوە توانیان خۆپیشاندەران بلاّوە پێبکەن و سەرکوتیان بکەن[٣].

سیاسەتی حکومەتی عێراق لەوکاتەدا بە گشتی بریتی بوو لە پەلاماردان و گرتن و زیندانیکردنی کادیرو ئەندام و سەرکردەکانی حیزبی شیوعی کە بەشێکیان بریتی بوون لە:(کەمالی نوری بەگی فەتاح بەگی ساحێبقڕان، عومەر عبدالرحمن هتد...) [٤].

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی، مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم ، سلێمانی ، ٢٩ / ١٠ / ٢٠١٤ . مستەفا ساڵح کەریم لە سەرەتای لاویەوە لە قۆناغی خوێندنی دواناوەندی چۆتە ریزی حیزبی شیوعیەوە، لە تشرینی دووەمی ١٩٤٨ لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەشی زانست لەسەر چالاکیی سیاسی بۆ ماوەی ساڵێك لە قوتابخانە دورخرایەوە، دواتر چۆتە خانەی مامۆستایان لە بەغداد، ساڵی ١٩٥١ لە لایەن تەحقیقاتی جینائیەوە لە بەغداد گیراوە، لە بواری پەروەردەیدا ماوەی ٣٢ ساڵ مامۆستاو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە لە قەڵادزێ و سێوسێنان و دارۆخان و چوارتا و سلێمانی و فەللوجە و رومادی. (بڕوانە مستەفا ساڵح کەریم: یەکێتی نووسەرانی کورد ڕێبازو هەڵوێست، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٤٨٨-٤٩٤ .)

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی، مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

[٣] هەمان سەرچاوە .

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

ئەحمەد هەردی شاعیر لە باسی سیاسەتی گرتن و زیندانیکردن و خراپی بارودۆخی ئەوکاتەی شاری سلێمانی لە هۆنراوەیەکی دا دەڵێت:

ئاگری سوری ئیرهابی عورفی
شالاّو دەهێنێ مەکەی بۆ نی یە
برسێتی پێی لێ هەڵبڕی
لەگەڵ مالاّ نانی جۆ نی یە
هەرکەسی شکوای حاڵی دەربڕی
یا شیوعی یە یا سەهۆنی یە...لە کۆتایشدا دەڵی
حارسی تەختی لەندەنی رزیو
باش بزانە گەل ناگەڕێتەوە
ئەو گەلەی لە خەو راستی بۆتەوە
نابەزێ لە رێی ئەم ژیانەدا
قاچی رۆڵەکەی گەر بە کۆتەوە
دارزی لە ناو بەندیخانەدا[1]

**تەوەری دووەم: خۆپیشاندانی سلێمانی لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٢:-**

شارەزایانی بواری سیاسی عێراق چاوەڕوانیان دەکرد لە نیوەی دووەمی ساڵی (١٩٥٢)دا گۆڕانکاری بەسەر دەسەلأتی سیاسی و دەستووری وولأتدا بێت، کۆمەڵناس و ئابوریزانەکان، مەسەلەی پەرەسەندنی بێکاری و کەم دەرامەتی و برسێتی و هەژاری و دابەزینی نرخی دیناریان کردبووە بەڵگە، کە بە پلانەکانی نوری سەعیدی[2] سیاسەتمەدار چارەسەر نەکرێ، بەمەش بوومەلەرزەیەك لە ناو کۆمەڵگای عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بەرپاببێت و دەسەلأتی سیاسی بخاتە مەترسییەوە، یان گۆڕانکاری بنەڕەتی بێتەکایەوە، هەندێ شارەزایانی تر، بە پێچەوانەوە چاوەڕوانی چارەسەرێکی بنچینەیی مەسەلە بە پەلەکانی ئازادی و سەربەستی بوون، کە عێراق بەرەو سیستەمێکی دیموکراتیانە بەرێ[3].

---

[1] غەفوری میرزا کەریم: چەند مەلۆیەك لە خەرمانی نووسینەکانمدا، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەریمی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢٢-٢٣ . ؛ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ: بەشێك لە یاداشتەکانم، بەرگی یەکەم، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٥٤.

[2] نوری سەعید: لەساڵی ١٨٨٨ لەبەغدا لەدایك بووە، ئەفسەرێکی عوسمانی بوو بەشداری شەڕی بەلقانی کردووە، لەساڵانی نێوان ١٩٣٠-١٩٥٨ چواردە جار پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقی وەرگرتووە، نازناوی پاشابووە و لایەنگری ئینگلیز و ڕژێمی پاشایەتی بووە، سیاسەتمەدارێکی زیرەك و چالاّك بووە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کوژرا.(د. عصمت السعید: نوری السعید رجل الدوله والانسان، گ٢، بیروت، ٢٠٠٣، ص٣٥٨).

[3] کاکەمەم بۆتانی: کاکی کاکان، مرۆڤ و ڕووناکبیرو شۆڕشگێر، بەرگی یەکەم، خەباتی ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٦١ ی سەرکردەی نەمر عومەر دەبابە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٣١-١٣٢.

کاتێك کە شۆڕش و راپەڕینی میسر لە ساڵی (١٩٥٢) دەستی پێکردو سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەم ڕوداوە خەڵکی عێراق بەگشتی ووروژاندو خێراتر دەستیان بە چالاکی و جموجۆڵ و خۆپیشاندان و راپەڕین کرد، سەرەتای خۆپیشاندانەکانیش بە مانگرتنی کرێکارانی بەندەری (بەسرە) دەستیپێکرد، کە داوای زیادکردنی موچەیان دەکرد، هەرچەندە داواکاریەکانیان زوو جێ بەجێ کرا، بەلاّم ئەمە هۆکارێك بوو بۆ دەستپێکردنی خۆپیشاندانی قوتابیان لە کۆلێجی (صیدلە و کیمیا) لە دژی یاسای نوێی کۆلیجەکان[١]. ئەم پەرەسەندنە سیاسیانە حکومەتی پاشایەتی عێراقی ناچار کرد، کەمۆڵەتی ئازادی کارکردنی هەموو حیزب و دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش هەلومەرجێکی ئاڵۆزی بە دوای خۆیدا هێناو کارێکی کرد کە ئاستی ناڕەزایی لە بەرزبوونەوەدا بێ[٢].

لە باشوری کوردستانیش خۆپیشاندان زۆربەی شارو شارۆچکەکانی گرتەوە، لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی بەرفراوان ئەنجامدرا، خۆپیشاندەران لە شەقامی ئەسحابەسپی و مەولەوی و سالمەوە بەرەو سەرا بە دروشم و هوتاف کێشان بەرێکەوتن، دروشمەکانیش بریتی بوون لە (بروخێ پاشایەتی، بروخێ رژێمی مستەفا عومەری)، بەمەش ئاڵۆزی و پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس روویداو لە ئەنجامدا ژمارەیەك لە خۆپشاندەران دەسگیر کران و زیندانی کران، لەوانە: (قادری میرزا کەریم، عومەر نەمەڵی، ئەمینی میرزا کەریم، هۆگر، ئەژی گۆران، عەلی فەوتاو، موحەرەم محمدامین، نوری ئەحمەد تەها، عەبدولی سۆران، دکتۆر فارس) کە هەریەك لەمانە مانگێك لە زیندان دا مانەوەو دواتر ئازاد کران. ئەوانەی لە خۆپشاندانەکانی شاری سلێمانیدا رۆڵی گرنگیان هەبوو، بریتی بوون لە قوتابیانی دواناوەندی سلێمانی، رۆژانە بە خۆپیشاندان لە دواناوەندی یەوە بەرەو سەرا دەرۆشتن و چەندین دروشمیان دژی حکومەت دەووتەوە، کە ئەندام و کادیرو لایەنگرانی هەردوو حیزبی ئەوکاتە (پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق) رۆڵی گرنگیان لە هاندانی خەڵك بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان هەبوو، زۆربەی جار رێکخەری خۆپیشاندانەکان بوون، تەنانەت زۆربەی ئەوانەی دەسگیر دەکران و زیندانی دەکران ئەندام و کادیری ئەو دوو حیزبە بوون[٣].

بارودۆخی عێراق رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپتر هەنگاوی دەنا، لەبەر ئەوە وصی (عەبدولئیلاە) [٤] بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەکەی (مصطفی العمری)داو (نورەدین مەحمود)ی سەرۆك ئەرکانی سوپای ڕاسپارد

---

[١] دکتور أسماعیل احمد یاغی: تطور الحرکة الوطنیة العراقیة ١٩٤١-١٩٥٢، مطبعة النعمان، بغداد، ١٩٧٩، ص ٣١٩ ؛ کاکەمەم بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١-١٥.١٣٢.

[٢] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەشی دووەم، ل ١٨٦.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا حسێن عبدالقادر علی، سلێمانی ١٢/ ١١/ ٢٠١٤. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی دواناوەندی سلێمانی یە، ماوەیەك کاری عەریزە نوسی کردووە، یەکێك بووە لە ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەردەمی پاشایەتیدا دوو جار بە هۆی بەشداری لە خۆپیشاندانداو نوسینی دروشم لەسەر دیوارەکان دەستگیرکراوە .چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ناوبراو.

[٤] عەبدولئیلاە: کوڕی عەلی کوڕی شەریف حوسەینی هاشمیە، لەساڵی ١٩١٣ لەشاری تائیف لەدایك بووە، دوای کوشتنی شاغازی لە١٩٣٩ دەبێتە وصی لە عێراق، چونکە لەوکاتەدا فەیسەلی دووەم تەمەنی ٤ ساڵان بوو، کە لەڕووی یاساییەوە نەدەگونجا ببێتە پاشای عێراق، ناوبراو خاڵی شافەیسەلی دووەم بوو، وەك وصی مایەوە تا ١٩٥٣(کە ئەو ساڵە تەمەنی شافەیسەل گەیشتە تەمەنی١٨ساڵ)، لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کوژرا. (عبدالرزاق أحمد النصیري: عبدالهادي الخماس ١٩٣٩-١٩٥٨،

وەزارەت پێکبهێنێت[1] کە ناسرابوو بە کەسێکی توندڕەو بڕوای بە سەربەستی و ئازادی نەبوو، لە دەستپێکدا کاری سیاسی هەموو حیزبەکانی قەدەغە کردو ژمارەیەکی زۆری لە سیاسییەکان و رۆژنامە نووسەکان و خوێندکاران و کرێکارانی دەسگیرکرد، یەکێك لەوانە جەمال نەبەز بوو، کە ئەو کاتە قوتابی بوو لە بەغداد، کار گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار، ئەویش دوای بەکارهێنانی چەك و تەقەکردن لە خۆپیشاندەران کە ژمارەیەك کوژراو بریندراری لێکەوتەوە[2]. یەکێك لە کوژراوەکان خەڵکی سلێمانی بوو بە ناوی (ئەحمەدی حاجی رەحیم) کە لە پێکدادانەکانی نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەرانی بەغداد لە بەرەی کەرخ و رەسافەدا کوژرابوو، کاتێك تەرمەکەی گەیشتەوە سلێمانی، خەڵکێکی زۆر ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستکرا بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و دروشمی رووخانی رژێمی پاشایەتی و حکومەتەکەی نورەددین مەحمودیان بەرز کردەوە، یەکەکانی پۆلیس کەوتنە ئامادەباشی بۆ ڕوبەرووبوونەوەی ئاپۆرای جەماوەری هەڵچوو کە مەترسیان هەبوو لەوەی خۆپیشاندەران لە دوای گەڕانەوەیان لە گردی سەیوان پەلاماری دەزگاکانی پۆلیسی سلێمانی بدەن، لە گردی سەیوان چەندین ووتار خوێندرانەوە کە داوای بەردەوامی خۆپیشاندان و راپەڕینیان دەکرد، لەوانە: (ئەحمەدی دەلاك و کەمال فواد)، کە کاریگەری زۆریان لەسەر خەڵك هەبوو، بەلاَم خۆپیشاندەرەکان بلاَوەیان پێکراو کۆتایی هات[3].

هەر لەو سەردەمەدا نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی ناڕەزاییان بەرز کردووەو یاداشتێکیان رادەستی سەرۆکی ئەنجومەن و سەرۆکی حکومەتی عێراق کرد، تیایدا گرتن و زیندانیکردنی خۆپیشاندەرانیان ڕەتکردبۆوەو داوایان کردبوو کە بەهیچ شێوەیەك نابێت توندوتیژی بەرامبەر خۆپیشاندەران ئەنجام بدرێت، دەسگیر کراوەکان ئازاد بکرێن، لەبەرامبەردا موتەسەریفی ئەوکاتەی سلێمانی، بڕیاریدا سیاسەتێکی هێمانە پەیڕەو بکات[4]. دیارە تەوژمی خۆپیشاندانەکان و بەردەوامیان کاریگەری زۆری لەسەر

---

دراسة تاريخية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠١، ص ص٢٥-٣٦؛ مذكرات توفيق السويدي: نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٩، ص٣٢٠-٣٢١).

[1] نورەدین مەحمود کوڕی محەمەد بەگ و لە ساڵی (١٨١٩ ز) لە خێزانێکی کوردی موسڵ لە دایك بووە، خوێندنگەی سەربازی لە ساڵی (١٩١٧) لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووە، مامۆستا بووە لە کۆلێژی ئەرکان، لە ساڵی ١٩٤٨ بۆتە سەرتیپ، لەشەڕی فەلەستین دا فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی عەرەب بووە، لە ساڵی (١٩٥٢) بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی پیران، لە ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە. (میر بصری: أعلام السياسية في العراق الحديث، الجزء الاول، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥، ص ٢٨٧-٢٨٨).

[2] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێ یەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٢٢.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، سلێمانی، ٢٩/ ١٠/ ٢٠١٤ ؛ ( عیزەددین مستەفا رەسوڵ لە ساڵی ١٩٣٤ لە دایك بووە، لە سەرەتای لاوێتیەوە چالاکی سیاسی ئەنجام داوەو بۆتە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق، بە هۆی چالاکیەکانیەوە لە کۆلێجی شەریعەی بەغداد دەرکراوە، دواتر چۆتە دار المعلمين و لە ساڵانی ١٩٥٢ ، ١٩٥٦، ١٩٥٨ بەشداریەکی گرنگی راپەڕینەکانی کردووە، لە ساڵی ١٩٦٠ بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندنی بالاَ نێردراوە بۆ روسیا، دواتر بۆتە مامۆستا لە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی بەغداد، خاوەندی دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەیە لە بوارەکانی شیعرو ئەدەب و رێزمان و چیرۆك و مێژوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، سلێمانی، ٢٩/ ١٠/ ٢٠١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا حەمە سەعید عەلی عوسمان، سلێمانی، ١٢/ ١١/ ٢٠١٤. ناوبراو لە ساڵی ١٩٤١ لە سلێمانی لە دایك بووە، مامۆستای زمانی عەرەبی بووە، ماوەیەك بەڕێوەبەری قوتابخانەی ٧ ی نیسان بووە، دواتر سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووەو هەر لەو پسپۆریە خانەنشین کراوە، چەندین جار لەسەر هەڵوێستەکانی لەلایەن دام و دەزگاکانی حکومەتەوە لە سلێمانی دەسگیرکراوە) .

[4] مەسعوود محەمەد: گەشتی ژیانم، چاپی سێ یەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩، ل٢٦٩.

خودی موتەسەریفی سلێمانی هەبوو و ناچاری کرد کە سیاسەتی خۆی بگۆڕێ بە ئاراستەی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، دوای ئەوەی کە زانی پەیڕەوکردنی سیاسەتی توندووتیژی بێسودە.

**تەوەری سێیەم: خۆپیشاندانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٤دا:-**

لە ساڵی (١٩٥٤) دا بارودۆخی عێراق پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، پارتەکانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران خۆیان ئامادە دەکرد، حکومەتی عێراقیش بڕیاریدابوو گەلی کورد بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بکات و دەرفەتی خۆپالاوتن بە هاووڵاتیانی هەموو شارەکانی کوردستان بدرێت نوێنەری تایبەتی خۆیان هەڵبژێرن، هەروەها حیزبە عێراقیەکان بڕیاریاندا بۆ ئەم هەڵبژاردنە بەرەیەکی پەرلەمانی پێکەوە بنێن، دیار بوو حکومەتی عێراقیش ناچاربوو لە ژێر فشاری جەماوەر ڕێگا بە هەندێ لە ئازادییە دیموکراتییەکان بدات[1].سەبارەت بەم پرسە ناکرێت کاریگەری هەندێك لەکەسایەتییە ڕۆشنبیرەکانی کورد ، کە لەنوسینەکانیان ڕەنگی دابووەوە فەرامۆش بکەین ، لەوانە: شاکر فەتاح، کە بەردەوام جەختی لەسەر هەلوێستی جوامێرانە و نیشتیمان پەروەرانەی هاووڵاتیانی کوردستان دەکردەوە لە بەگژا چوونەوەی داگیرکران و ستەمکاران و دەستەبەرکردنی خواستە ڕەواکانی کورد[2].

لەباشوری کوردستان ئامادەباشی بۆ ئەم هەلبژاردنە کرا ، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە (ئیبراهیم ئەحمەد)([3])ی سکرتێری پارتی، وەك کاندیدی پارتی بۆ پەرلەمان لە هەڵبژاردنەکان دەستنیشان کرابوو، هەروەها (مەعروف بەرزنجی)یش لەلایەن حیزبی شیوعی یەوە دیاری کرابوو، نوێنەری حکومەتی عێراقیش لەسلێمانی (عەلی کەمال) بوو. ڕۆژنامەی رزگاری کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کورد-عێراق بوو باسی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی دەکات و ڕۆژانی ٣ و ٤ و ٧ مانگی ئاداری ١٩٥٤ بە ڕۆژانی زۆر سەخت و ئاڵۆزو پڕ لە خۆپیشاندانی ئەو شارە دیاری دەکات، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی سیاسەت و مامەڵەو هەڵسوکەوتنی حکومەت و دام و دەزگاکانی بەرامبەر خەڵکی سلێمانی زۆر خراپ و بێ بەزەییانە بوو، هەروەها جێ بەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە حکومەت بە خەڵکی سلێمانی دابوو، زیادبوونی بێکاری و نەخۆشی و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و قەدەغەکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەریو بڵاوکراوەکان و سیاسەتی هەڕەشەو ترس و تۆقاندن و پەلاماردان و هەڵکوتانە سەرماڵان، خەڵکی سلێمانی بێزار کردبوو، ئەوە جگە لەوەی دەستنیشانکردنی نوێنەری خەڵکی سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدەرەوەی خواستی خەڵکی سلێمانی، ببووە مایەی تووڕەیی و بێزاری خەڵك، هەرچەندە حکومەت رایگەیاندبوو کە کوردەکان دەتوانن نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام ئەمە تەنها بەقسە بوو، هەر کوردێك بەکرێگیراوی حکومەتی عێراق نەبوایە و خۆی کاندید بکردایە دەسگیر

[1] فەتاح تۆفیق فەتاح ناسراو بە (مەلا حەسەن): حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٧.

[2] شاکر فەتاح: ژین، گۆڤاری(هەتاو)، ژمارە(٤)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٥٤، ل٢-٣.

([3]) ئیبراهیم ئەحمەد: لەساڵی ١٩١٢ لەشاری سلێمانی لە دایك بووە، لەساڵی ١٩٣٧ کۆلیجی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٥١ بۆتە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لەبواری سیاسی و ڕۆژنامەگەری و ئەدەبیدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە. (فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵلا: بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢١).

دەکرا[1]. لەم بارەیەوە گەلاوێژ صالح فەتاح([2]) خێزانی ئیبراهیم ئەحمەد لە بیرەوەریەکانی خۆیدا نوسیویەتی: "کاتێك نوێنەرانی کورد خۆیان کاندید کرد، خەڵك زۆر دڵی خۆش بوو، لەسەرجەم شوێنەکانی سلێمانی تا پردەکەی قلیاسانیش لەسەر دارو بەردو دیوار بانگەشەیان بۆ کاندیدەکان دەکرد، بەلاَم دوای چەند رۆژێك حکومەتی عێراق دەستی کرد بە گرتنی نوێنەرانی کورد، بەم شێوەیە ئیبراهیم ئەحمەد و مەعروف بەرزنجی دەستگیراکران، برایم ئەحمەد لەم بارەیەوە دەڵێت:"لە هەڵبژاردنەکەدا من لەلایەن پارتی دیموکرات و شێخ مارف بەرزنجیش لەلایەن حیزبی شیوعیەوە بە نهێنی خۆمان کاندیدکرد، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، بەلاَم لە کاتێکدا کە لە ناوچەی قەرەداغ خەریکی پروپاگەندەی هەڵبژاردن بووین، لە گەڕانەوەماندا لەلایەن شوعبەی خاصەوە گیراین و زیندانیکراین""[3]. کاتێك بێژەری رادیۆ باسی سلێمانی کردو رایگەیاند کە نوێنەری حکومەت عەلی کەمال بە تەزکیەو لە سەدا سەد دەنگەکانی بەدەست هێناوەو بردویەتییەوە، ئەم راگەیاندنە لەلای خەڵکی سلێمانی نارەزایی وتوڕەیی زۆری لیکەوتەوەو خەڵکی سلێمانی بە جاری وروژان و خۆپیشاندان و راپەڕین لە کۆلان و گەڕەکەکانی سلێمانی بەرەو دەرکی سەراو حەوزە وشکەکە دەستی پێکرد، خەڵك هەمووی پەلاماری داری دەداو بەرەو دەرکی سەرا دەڕۆشتن و بە خۆپیشاندان بە دروشمی (بڕوخێ...بڕوخێ) دەستی پێکردو لە ماوەیەکی کەمدا بە سەدان و هەزاران کەس لەبەردەرکی سەرا کۆبوونەوەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان رەتکردەوە، لەو خۆپیشاندانەدا منداڵ و ژن و پیاو گەنج و پیر بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە بەشداری کاریگەریان نواند،... خۆپیشاندان لە سەراوە بەرەو ئەسحابە سپی و ئەو شەقامانەی دەوروبەری بەردەوام بوو، تەنانەت کاتێك پۆلیس دەوری ماڵی برایم ئەحمەد دەگرێت، ژنانی ئەو گەڕەکە دێنە دەرەوە و بەردبارانی پۆلیسەکان دەکەن""[4]. دیارە دەسەلاَتدارانی ڕژێمی پاشایەتی پەیڕەوی سیاسەتێکی دووفاقانەیان لەگەڵ هاوولاَتیانی کورد دەکرد، بەئاشکرا دەرگای خۆپالاَوتنیان بۆ هەموو کەسێك والاَ کردبوو، لەژێرەوەش خەریکی پەراوێزخستن و زیندانیکردنی پالێوراوانی ڕاستەقینەی گەل بوون.

هەرچەندە خۆپیشاندانەکان لەو رۆژەدا بە زەبری چەك و هێزی زۆری پۆلیس بلاَوەی پێدەکرێت، بەلاَم دوای سێ رۆژ خۆئامادەکردن بە هاوکاری شیوعیەکان، مانگرتن و خۆپیشاندان جارێکی تر سەری هەڵدایەوە،

---

[1] سدیق سالح، رەفیق سالح: رۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق ١٩٤٦-١٩٥٨، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣٠٨-٣٠٩.

([2])گەلاوێژ صالح فەتاح، صالح فەتاح خەڵکی زاخۆیەو لە عەشیرەتی (قوچەبەگی) ن قوچە بەگی لە عەشیرەتە هەر کۆنەکانی کوردن بە رەچەڵەکیش لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون، گەلاوێژ لە بیرەوەریەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە لە موسل لەدایك بووە، لە بنچینەدا ناوی (ساجدە)یە، گەلاوێژ لە کاتی شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ساڵی ١٩٣١ لە دایك بووە بۆیە کاتێك خاڵە محەمەدی کە لەگەڵ هێزی سوپاکەی ئەو کاتە لە سلێمانی و دەوروبەری بوون کە شەڕی بەردەرکی سەرا بووە بروسکەیان بۆ کردەوە کە سەلیمەی خوشکی کچی بووەو ناویان ناوە ساجدە، ئەویش زۆری پێ خۆش دەبێت، بەلاَم وەلاَمیان بۆ ئەنێرێت و ئەڵێت ساجدە بکەن بە ژیان، بەلاَم دوای ئەوەی ساجدە دەبێت بە دەستگیرانی ئیبراهیم ئەحمەد، ناوی دەگۆڕێت بە گەلاوێژ، کە ئەوکاتە گۆڤاری گەلاوێژ دەردەچوو، ئیبراهیم ئەحمەد ووتبوی هەر کەسێك گەلاوێژی بە ساجدە بانگ کرد دەبێت دە فلس بخاتە ئەم قوتووەوە، بەمەش پارەی باش کۆدەبۆوەو دەدرا بە هەژار، بەم شێوەیە ناوی ساجدە گۆڕا بە گەلاوێژ. بڕوانە: گەلاوێژ: بیرەوەرییە هەرگیز لە بیرنەکراوەکانی من، بەشی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٠٥-١٠٨.

[3] ئیبراهیم ئەحمەد: توێژێ لە خەباتی کاکە عومەر دەبابە، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٦، ل ٣-٤.

[4] گەلاوێژ: بیرەوەرییە هەرگیز لە بیرنەکراوەکانی من، بەشی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٢٨-١٣٤،

ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیانی ئەو شارە هاتنە سەر شەقامەکان و دژی حکومەت ئەنجامی هەڵبژاردنەکە وەستانەوە، لەبەرامبەردا کاربەدەستانی ڕژێم بێبەزەییانە تەقەیان لە خەڵك کردو چەندین هاووڵاتیان بریندار کرد[١].

لەو هەلومەرجەدا، هەڵمەتی سەرکوتکردن بەناوی (بەرەنگار بوونەوەی شیوعیەت) پیادەکرا، بەڵام ئەم پرۆسەیە جگە لە شیوعییەکان، رکابەرانی سیاسی نوری سەعید و سەرجەم ئەو نوسەرو رۆژنامە نوس و ئەکادیمیانەشی گرتەوە، کە نوری سەعید بە نەیارانی دەسەڵاتی دەزانی، دواتر هەندێك لەمانە لە پۆستەکانیان لادران و هەندێکی دیکەشیان دەستگیر کران، ئەوانی دیکەش بۆ دەرەوە ڕایانکرد.[٢]

لەوکاتەدا ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ عومەر دەبابە[٣] و حەمەی حاجی تایەر لەو ساڵەدا زیندانی دەکرێن، لەناو زیندانی سەرادا ئیبراهیم ئەحمەد دەچێتە سەر شانی عومەر دەبابە و لە پەنجەرەکەوە بە دەنگێکی بەرز هانی خەڵکی سلێمانی دەدات کە خۆپیشاندانی گەورە ئەنجام بدەن و شەقامەکان بە دروشم بڕازێننەوە، لەئەنجامدا ژمارەیەکی بەرچاوی هاووڵاتییان دەڕژێنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان دەست پێدەکەن، لەبەرامبەردا کاربەدەستان هێزێکی زۆری پۆلیس لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی دەهێنن و لەڕێگەی بەکارهێنانی چەك خۆپیشاندانەکە سەرکوت دەکەن، کاتژمێر(١٢)ی شەو سەرجەم دەسگیرکراوەکان بۆ زیندانی موسڵ دەگوازنەوە، دواتر هەر یەکێکیان بڕیاری ٢ ساڵ زیندانی بۆ دەردەکرێت[٤]. دیارە لەو کاتەدا سەرانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق باش دەیانزانی کە نوێنەری ئەوان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی دەرناچێت، هەر بۆیە هەوڵیاندا بە هەموو شێوەیەك کارێك بکەن تیایدا نوێنەرانی خەڵکی سلێمانی دەرنەچن، ئەویش لە ڕێگەی دەسگیر کردنیان و دوورخستنەوەیان، دواتریش گۆڕەپانەکە بۆ نوێنەرە بە کرێگیراوەکانی ئەوان چۆڵ بێت و کارێك بکەن کە دەرچوونیان لە هەڵبژاردنەکان مسۆگەر بێ.

لە ١٦ ئەیلولی١٩٥٤دا جارێکیتر خۆپیشاندانی هاووڵاتیان لە دژی سیاسەتەکانی حکومەتی پاشایەتی عێراق دەستی پێکردەوە، خۆپیشاندەران لەسەرای سلێمانی لەدژی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هوتافیان دەکێشا و بە ناڕاست و نادروستیان لە قەڵەم دەداو داوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنییان دەکرد، بەڵام کاربەدەستانی عێراق لە جاران توندتر بوون و دووبارە بە تەقەکردن وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە، لەئەنجامدا دوو کەس گیانیان لەدەستدا و دەیان کەسیش بریندار بوون.[٥]

---

[١] کاکەمەم بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

[٢] تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، الدار العربية للعلوم، مكتبة مدبولي، لوبنان، ٢٠٠٦، ص ١٩٤.

[٣] عومەر دەبابە: ناوی عومەر کوڕی حاجی سۆفی مستەفایە، ناسراو بە دەبابە، لەساڵی ١٩٢٣ لەشاری کۆیە لەدایك بووە، لە١٩٤٦ کۆلێجی یاسای لە بەغدا تەواو کردووە، لەهەمان ساڵ دەچێتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ١٩٥١ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە و بەرپرسی ناوچەی کۆیەو دەوروبەری بووە، لەساڵی ١٩٧٧ پاڵدەداتە شۆڕشی هەڵگیرساو لەشاخەکانی کوردستان و دەچێتە ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە. (عەبدولخالق عەلائەدین: کۆیە و ناودارانی، کوردستان، ٢٠١٤، ل١٧٤-١٧٧).

[٤] بڕوانە چاوپێکەوتنی شیلان ئەحمەد لەگەڵ محەمەدی حاجی تایەر، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٢١٢٧)، بەرواری ٢٣/ ٤/ ٢٠٠٠، ل ٧.

[٥] عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزرات العراقية، جزء (٩)، دار الشؤون الثقافية، العامة، بغداد، ١٩٨٨، ص ١٥٩-١٦٠ ؛ جعفر عباس حميدي: التطورات والاتجاهات، السياسية الداخلية فى العراق (١٩٥٣-١٩٥٨)، بغداد، ١٩٨٠، ص ١١٨-١١٩.

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لەکۆی (١٣٥) پەرلەمانتار، (١١٦) پەرلەمانتار بە تەزکیە داندران، ئەمەش ڕێگەی بە حکومەتدا کە مۆڵەتی سەرجەم حیزبە سیاسییەکان هەڵبوشێنێتەوە، چاودێرییەکی توندی سەرجەم کۆمەڵەکانیش بکات، لە هەمان کاتدا هەندێك یاسا لە هەندێك بواردا دەرکران، وەك بواری هەڵسوکەوتی قوتابی و مامۆستایان و ئازادی ڕۆژنامەوانی و مافی بەستنی کۆبوونەوە گشتییەکان و ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی سنوردار کرد[١]

**تەوەری چوارەم: خۆپیشاندانی سلێمانی دژی پەیمانی بەغداد لە٢٥ی شوباتی ١٩٥٥دا:-**

لە ئەیلولی (١٩٥٤) نوری سەعید سەردانی لەندەنی کرد، بە مەبەستی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ وولاتانی دراوسێ بە ئاگاداری بەریتانیا، دواتر شاندی تورکی لەشوباتی ١٩٥٥دا بە سەرۆکایەتی (عەدنان مەندریس)[٢] سەردانی عێراقی کرد، دوای چەند دانیشتنێك و گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل، دواجار لە(٢٤)ی شوبات ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان تورکیاو عێراق واژۆکرا، دوای ئەوەش چەند وڵاتێکی دیکە هاتنە ناو هاوپەیمانییەکە، لەوانە: بەریتانیا، پاکستان و ئێران، پاشان لە (١٧)ی تشرینی دووەمدا دەستکرا بە دامەزراندنی ئەنجومەنی هەمیشەیی، لە (٢٥)ی هەمان مانگیشدا، لەئاهەنگی کردنەوەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکە بڕیاری لەسەردراو بەغدادیش کرایە بارەگای سەرەکی پەیماننامەکە، ئامانجێکی گرنگی ئەو ڕێککەوتننامەیە بریتی بوو لە لێدانی بزووتنەوەی چەکداری و سیاسی ناوچەکە بە تایبەتی گەلی کورد[٣]. مستەر کۆلان (بالیۆزی ئەمریکا) وەك چاودێری سیاسی بانگهێشت کرا و لەوێدا ڕایگەیاند کە ئەمریکا پێشوازی لەم پەیمانە دەکا، چونکە لەڕاستیدا ویستی تەواوی نەتەوەکانی هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پیشان دەدا بۆ پاراستنی ناوچەکە لە هێرشی لە ناکاو. هەرلەم کۆبوونەوەیەدا عەدنان مەندەریس دەڵێت: "دامەزراندنی ئەو پەیمانە هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ تەئمین کردنی سەلامەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ترسی پەلاماردانی بێگانە"[٤]. لەناوەڕۆکی پەیماننامەکە بەفەرمی و بەئاشکرا ناوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەهاتبوو، بەلاّم خوێندنەوەیەکی ورد بۆ بەستنی ئەو پەیمانە و لەو سەردەمەدا، ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە مەبەستی هێرشی لەناکاو و هەڕەشەی خەباتی چەکدارانەی کورد بووە.

هەڵبەتە ئەم ڕێککەوتننامە کاریگەری خراپی لەسەر هاووڵاتییانی شاری سلێمانی هەبوو، چونکە سلێمانی لەو سەردەمەدا ناوەندێکی گرنگی جولاّنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی بوو، سیاسەتی ڕژێمی ئەوکاتەی عێراقیش بەرامبەر کورد دوژمنکارانە بوو، لەلایەك حکومەت (عومەر عەلی) کردبوو بە موتەسەریفی سلێمانی، کە سیاسەتی کوشتن و سەرکوتکردنی کەسانی نیشتمانپەروەرو سڕینەوەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کوردی پیادە

[١] تشارلز تريب: المصدر السابق، ص١٩٤.

[٢] عەدنان مندریس لە ساڵی ١٨٩٠ لە ئایدن لە ڕۆژئاوای تورکیا لە دایك بووە، لە ئەمریکا کۆلێجی مافی خوێندووە، نوێنەری ئەزمیر بووە لە ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیادا، لە ساڵی ١٩٥٠ بۆتە سەرۆك وەزیران، لە ساڵی ١٩٦١ پاش سەرکەوتنی کودەتای جەمال گورسیل، لە سێدارەدرا. (شيرزاد زكريا محمد: اثر حلف بغداد ١٩٥٥ على الحركة التحررية القومية الكوردية، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٦، ص٢٤).

[٣] ولدمار غلمن: عراق نوری السعيد، بيروت، ١٩٦٥، ص ٩٤-٩٥.

[٤] پەیام (گۆڤار): پەیمانی بەغدا بخوێنەوە، ژمارە (٣٢٢)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٥٥، ل١-٣.

دەکرد[١]. بە چەشنێك لەو ماوەیەدا لە جیاتی جەژنی نەورۆز، ئاهەنگی جەژنی (دارودرەختی) داهێنابوو، لە هەمان رۆژیشدا ئاهەنگی ئەنجام دەدا تا لەو رێگەیەوە نەورۆز وەك جەژنێكی نەتەوەیی لە بیر خەڵك بەرێتەوە، هەروەها زمانی كوردی لە قوتابخانە كوردیەكان قەدەغەكردو زمانی عەرەبی كردە زمانی فەرمی خوێندنی قوتابخانەكان، هەروەها گۆرانی و سرودی كوردی قەدەغە كردو مامۆستا كوردەكانی گواستەوە و مامۆستای عەرەبی لە شوێن دانان،[٢] لێرەوە ئەم سیاسەتە دوژمنكارانەی حكومەتی عێراق و پەیمانی (١٩٥٥) ی بەغداد بووە مایەی ئەنجامدانی خۆپیشاندانێكی گەورەی خەڵكی سلێمانی، لە رۆژی (٢٥) ی شوباتی (١٩٥٥) بە بەشداری ژمارەیەكی زۆر لە هاووڵاتیانی سلێمانی كە لەسەرجەم چین و توێژەكان پێكهاتبوون، سەرەتای خۆپیشاندانەكەش بە ناو بازاڕی سلێمانیدا بۆ سەرای سلێمانی كە شوێنی كۆبوونەوەی جەماوەری خەڵك بوو دەستی پێكرد، یەكێك لەو پارچە هۆنراوانەی كە لە لایەن خۆپیشاندەران وەك دروشم دەوترایەوە بریتی بوو لە:-

هەڵپەڕن دەی هەڵپەڕن هەڵپەڕینێكی بە جۆش

مژدە بێت خوشك و برا حلفی بەغدا ئێوە خۆش...!!، [٣]

بە هۆی زیادبوونی ڕێژەی خۆپیشاندەران، موتەسەریفی سلێمانی بڕیاریدا پۆلیس و سەربازێكی زۆر بڕژێنە سەر شاقام و شوێنی خۆپیشاندەران، لە ئەنجامدا روبەڕووبوونەوە لەنێوانیان ڕوویداو كاربەدەستان تەقەیان لە خۆپیشاندەران كرد و كەسێك بە ناوی (بەكر ئەحمەد خەیات) گیانی لەدەستداو نزیكەی (٣٠) خۆپیشاندەری دیكەش دەستگیراكران[٤]. دەسەڵاتدارانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق وەك سیاسەتی هەمیشەییان، گەر بۆ ماوەیەكی كورتیش دانیان بە خۆدا گرتبێت، دواجار هەمان ئەو پیلانەی كە دایانڕشتبوو جێبەجێیان دەكرد، كە بریتی بوو لە كپكردنی دەنگی نارەزایی و قۆرخكردنی ئازادی و پەیڕەوكردنی توندوتیژی، لەبری ئەوەی پەنا بۆ دانوستان و گفتوگۆ بەرن.

### تەوەری پێنجەم: خۆپیشاندانەكانی سلێمانی لەساڵی١٩٥٦:-

### بابەتی یەكەم: خۆپیشاندانی سلێمانی لەكاتی هاتنەوەی تەرمی شێخ مەحمود ١٩٥٦:-

حكومەت كەوتە ململانێی بنەماڵەی شێخانی سلێمانی، ئەوەبوو داوای لە شێخ مەحموودی گەورەی ئەوكاتەی دانیشتووی دێی (داریكەلی) كرد، كە لەسلێمانی نیشتەجێ بێت، ئەگەرچی شێخ سەرەتا تا ماوەیەك سەرپێچی كرد، بەڵام دوایی بۆی دەركەوت كەڵكی شاخی پێوە نەماوەو ناتوانێ بەرهەڵستیی حكومەت بكات، بۆیە داواكەی بەجێ هێناو تا كۆتایی ژیانی لە سلێمانی نیشتەجێ بوو، دیارە ئەم بڕیارە بۆ ئەوە بوو تا پلەو پایەی بەرزی

---

[١] الدكتور كاوس قفطان: الحركة القومية التحررية الكردية فی كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، سلیمانیة، ٢٠٠٤، ص ٤٩.

[٢] شیرزاد زكریا محمد: المصدر السابق، ص ٥٩ ؛ توانا رەشید كەریم: سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥- ١٩٥٨)، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٦٦-١٦٧.

[٣] چاوپێكەوتن لەگەڵ لەتیف عارف قەرەداخی، سلێمانی، ٣/ ٤/ ٢٠١٥. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٨ لە سلێمانی لە دایك بووە، تا پۆلی سێ یەمی ناوەندی خوێندووە، خاوەنی چەندین نامیلكەی شیعرە، ساڵی ١٩٧٠ وەك فەرمانبەر لە چاپخانەی زانكۆی سلێمانی دامەزراوە، یەكێك بووە لەبەشدار بووانی خۆپیشاندانەكە.چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ناوبراو.

[٤] نایب عەبدوڵلا: بیرەوەری ٢١ ساڵی تێكۆشان، چاپی دووەم، پەخشخانەی نەورۆز، سلێمانی، ١٩٩٧، ل ٩٢.

شێخ لەلای ئەوانەی کە وەك نیشتمان پەروەرێکی مەزنیان دەزانی، کەمبکەنەوە، حکومەت بەوەشەوە نەوەستا، شێخ لەتیفی کوڕی کە خاوەن پێگەیەکی دیاری کۆمەلآیەتی بوو، ببووە جێگەی متمانەی هاوولآتیان، بە تاوانی یارمەتیدانی خولە پیزە دەستگیرکراو[1] درایە دادگا، کاتێکیش تەرمەکەی شێخی گەورە لە (١٩٥٦) دا هێندرایەوە لە بەغداوە تا سلێمانی خەلکێکی زۆری بەدواوە بوو، دانیشتوانی شار بەگشتی کەوتنە خۆپیشاندان و خۆسازدان، خەلکێکی زۆر لەگەلّ تەرمی شێخ مەحمود گەیشتنە باخی گشتی، بە هەزاران گەنج و لاو و پیر، بەشداریان کردو تێکەلّی ئاپۆرای جەماوەری شاری سلێمانی بوون[2] لەم بارەیەوە قادری میرزا کەریم لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنوسێت "لە ئێوارەیەکی درەنگدا سەرەتای هاتنی تەرمەکە دەرکەوت لەگەلّ ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل کە لە بەغداو کەرکوك شارەکانی ترەوە لەگەلّیدا هاتبوون تەرمەکە گەیشتە لای خەلکەکەو بەنیازبوون هەر بەو شێوەیە بەرەو شاری بەرن، بەلآم ڕێگەیان لێگیراو تەرمەکەیان لێوەر گرت و خستیانە سەر شانی ئامادەبووان دەروێش و مریدەکان کەوتنە سلآوات و(الله أکبر) و لە خۆدان، هاوڕێیانی ئێمە(واتا شیوعی) و برادەرانی پارتی تێکەلآویان بووین و هاوبەشیمان کرد و لە گەلّیاندا ئەڕۆیشتین، کاتی ئەوەش هاتبوو هەولّی گۆڕینی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە بدەین بە جۆرێکی تر یەکەم هاوار بەرزبۆوە بە روخاندنی رژێم و داواکردنی تۆلّەساندنەوەی خوێنی شێخ و بەربوونی شێخ لەتیف ئەمەش بوو داوای سەرەکی هەمووان، کە ئەوانەش کە زیاتر هاواریان ئەکرد هاوڕێیان (فەرەج ئەحمەد و جەلالی میرزا کەریمو سەلاحی عەلی ئایشە خانو کامل حەسەنو ئەنوەر عوسمانو جەلال عەبدولرحمان حەکیمو شەوکەتی عەزیز بەگ و شەوکەتی صیدلی و وەهاب صالّح و عومەر نەمەلّی عومەر موتلرچی (عومەر ئاشتی)و صادقی بۆیاخچیو حسێن عارفو کەمال سلێمانیو کەمال حەمە ڕەشو جەلالی برای جەلالیی دەباغ وعەلی سالح عەفورو عەلی صالّح سەعیدو شێرکۆ بێکەسو زۆر لە برادەران بێجگە لە برادەرانی پارتی وەك (عەبدولی سۆرانو حسەڕەشی خەیانو سمکۆ فەتحوللآو رشدی عەلی شەریف و جەمالی حاجی مەجید) و زۆری تریان کە ئێستا لەیادم نەماون پێی هەلّسان "[3].

لەو قۆناغەدا ئافرەت ڕۆلّی کارای لە بەشداریکردنی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە هەبوو، کە هەردەم هان دەدران بچنە گۆڕەپانی تێکۆشان و شان بەشانی پیاوان ڕۆلّی مێژوویی خۆیان ببینن[4]، ئەوەی دەبینرا بەشداری ئافرەتان بوو کە بە کۆمەلّ دەهاتنە ناو جەماوەرو بە هاوارو هوتاف کێشان بەشداریان کرد، ژنان و پیاوان

---

[1] خولە پیزە: ناوی تەواوی مەحمود کوڕی حەمە، خەلکی دێی (چمیالّە) یە کە ئەکەوێتە قەزای چوراتاوە، خولە خۆی و هاوڕێکانی لە پێشدا خەریکی مەڕو مالآت لەوەڕاندن بوون، ((پیزە)) کە پاشگری ناوەکەی خولەیە واتا خولە پیزە، ناوی دایکیەتی و ناوی پیرۆزە هەر ئەم هاندەرو یارمەتیدەریان بوو، خولە پیزە لە میری یاخی بووەو بەرامبەری وەستاوەو ئامادە نەبووە سەربازی بکات، کوڕێکی ئازا بووەو گوێی نەداوەتە گرتن و کوشتن، زۆرێك لە پیاوە دەسەلآتدارەکان وەك ئاغاو شێخەکان دالّدەیان داوەو هاوکاریان کردووە، لە سالّی ١٩٥١ لە شاخی کەتوی چوارتا لەگەلّ عەول گولّچین کوژراو هەر لەوێش نێژران، دوای دوو رۆژ دۆزرانەوەو تەرمەکانیان هێنرانەوە چوارتا، دواتر بردیان بۆ سلێمانی و دوای دلّنیا بوون کە خولە پیزەیە، بردیانە بەردەم سەرای سلێمانی و پیشانی خەلکیاندا ئینجا بردیان بۆ نالّپارێز ناشتیان لەو شوێنەی کە حاکم عەبدولباقی تیا کوژرا، بڕوانە: ئەکرەمی مەحموودی سالّحی رەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، دەزگای رۆشنبیری و بلآوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٩، ل ٢٢٠-٢٢١.

[2] چاوپێکەوتن لەگەلّ جەمال بابان، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەلّ مامۆستا حەمە سەعید عەلی عوسمان، سلێمانی، ١٣/ ١١/ ٢٠١٤.

[3] قادر میرزا کەریم: مێژوویەکی پڕ لە شانازی، بیرەوەری، بەرگی دووەم، چاپەمەنی ئەزمەڕ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣٥-٣٦.

[4] زێبا عبدالواحد خەیات: پێویستی سەرشانی ئافرەتی خوێندەوار، گۆڤاری(هەتاو)، ژمارە (١٠٩)، ١٩٥٧، ل٨.

دەیانووت (رۆڕۆ مەلیکی کوردستانم رۆ)، تا دەهات خۆپیشاندانی خەڵکی سلێمانی فراوانتر دەبوو، بە تایبەتی کاتێك خزمەکانی شێخ مەحمود ویستیان تەرمی شێخ بەرەو مزگەوت بەرن، بەڵام جەماوەری خۆپیشاندەر ڕێگایان لێگرتن و تەرمەکەیان بەرەو شەقامی پیرەمێردو بەندیخانەی سەرەوەی شەقامی پیرەمێرد برد،[١] ئەمەش فشارێك بوو تا کاربەدەستانی رژێم بۆ شێخ لەتیف ئازاد بکەن ، لەوکاتەشدا رژێم سەرجەم کۆڵان و سەربان و شوێنە گرنگەکانیان بە سەربازو هێزی تایبەتی خۆیان تەنیبوو، بۆ ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی خۆپیشاندانێکی گەورە، بەڵام خۆپیشاندەران بەردەوام لە بەندیخانەکە نزیك دەبوونەوە و بە دەنگی بەرز داوای ئازادکردنی شێخ لەتیفیان دەکرد، بەڕێوەبەری بەندیخانەکەش بە خۆپیشاندەرانی ڕاگەیاند: تاوەکو فەرمان لە پارێزگارەوە نەهێنن ناتوانین شێخ لەتیف ئازاد بکەین، بەم شێوەیە خۆپیشاندەران هەڵیان کوتایە سەر بەندیخانەکەو بەهۆی بەهێزی دەرگای بەندیخانەکەوە نەتوانرا بشکێنرێت، کاربەدەستانی رژێم ترسیان لێ نیشت و دەستیان کرد بە تەقە کردن لە خەڵك، کە لە ئەنجامدا (ئەختەری ئەحمەدی ساڵحی خولە)[٢] کە خێزانی ڕەشۆڵ بوو گیانی لەدەستداو چەندین کەسیش بریندار بوون، تەنانەت تەرمەکەی شێخ مەحمود چەند فیشەکێکی بەرکەوت، خۆپیشاندەرانیش بە ناچاری و بەزەبری هێز بلاوەیان پێکراو گەڕانەوە بەردەرکی سەرا، بەڵام خۆپیشاندان لەبەردەرکی سەرا زۆر توند بوو، رژێم دووبارە بەدەستڕێژی گوللە وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە، لەئەنجامدا چەندین کەس بریندار بوون، وەك (ئەنوەر عوسمان، حسێن ئەحمەد شەشۆیی، فەرەیدونی عەزیز بەگ و جەلال عەزیز...هتد)، دواتر رژێم پیلانێکی ووردی دارشت و ڕێگریکرد لە جێبەجێکردنی بەرنامەی ئەو کەسانەی کە سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد،[٣] بۆ ئەو مەبەستەش لە شەودا نزیکەی ١٥٠ کەسی دەسگیر کرد[٤].

ئەم خۆپیشاندانەی خەڵکی سلێمانی لەلای شاعیرو ئەدەب دۆستان ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو، تەنانەت کەسێکی وەك شێخ نووری شێخ ساڵح لە هۆنراوەیەکدا زۆر بە جوانی باسی هاتنەوەی تەرمی شێخ مەحمود و خۆپیشاندانی خەڵك و کاردانەوەی پۆلیس و کاربەدەستانی حکومەت کراوە تەنانەت باسی شەهید و بریندارەکانیش کراوە، شێخ نووری لە هۆنراوەکەدا دەڵێت: "

شەوبوو جەنازەکەی گەیشتە کەناری شار
گیرایە ناو ژمارەیەکی زۆری بێ شومار

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود قادر مەحمود، سلێمانی، ٣/ ٤/ ٢٠١٥. ناوبراو لە ساڵی ١٩٤١ لە سلێمانی لە دایك بووە، لە رووی خوێندنەوە تاوەکو شەشەمی(محلو الامیە) خوێندووە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ بۆتە سەرباز لە کۆشکی کۆماری.

[٢] ئەختەر ژنی ڕەشۆڵە کچی (ساڵح) ی کوڕی (مەحمود)ە کە بە ساڵحی خولە بە نێوبانگە لە شاری سلێمانیدا لە دایك بووە لە ٩ تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ لەبەر دەرگای سەرا بە دەستی پۆلیسی عێراق لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا گیانی لە دەستدا، ئازاد عەبدولواحید: دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٦١.

[٣] هەندێ لە مێژوونووسان باس لە کوژرانی دووکەس دەکەن، لەوانە ژنەکەی ڕشۆل و فەقێیەك، ١٣کەسیش بریندار بوون، دواتر ژمارەی بریندارەکان بۆ ٤٠ کەس بەرز بۆوە، دوای ئەوە عومەر عەلی موتەسەریفی سلێمانی لە بەغداوە فەرمانی دابوو کە تەقە لەخۆپیشاندەران بکەن و دەست نەپارێزن، ئەوشەوەی کە شێخ نێژرا، ڕۆژنامەی ژین هەواڵی مردنەکەی بلاوکردەوە، بەڵام ڕێگریان لەبلاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە کرد و دەستیانکرد بە دەسگیرکردنی ٥٢کەس. (عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دووەم، ئێران، ١٩٥٩، ل٩٦).

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ حسێن عارف، سلێمانی ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

بردیانە بەندیخانە کە بیبینێ (شێخ لەتیف)
دەستێ بکاتە گەردنی باوکی هەژارەوە
کوژرا ژنی (رەشۆڵ) بە یەکەم گوللە، بێگوناھ
داخێکی نا بە جەرگی گوڵ و لالەزارەوە
وەك (ئەختەری)ی (رەشۆڵ) ی بەسەزمان لە ئاسمان
چۆن زوو کوژایەوە، بەروخی تابدارەوە
زۆر نەوجەوانی تر وەکو ئەو کوشت و جەریح
شارانەوە هەموو بە لەشی زامدارەوە
زانرا نەتیجەکەی کە شتێکی فەلاکەتە
عالەم لە ترسی گوللە کشانە کەنارەوە
سبحەینێ وەزعی مەملەکەتم زۆر شپرزە دی
هەر (شورتە) یەو خولەی دێ بە دونکی و بەدارەوە
وەك رووی نەدابێ حادیسەیەك ئەمر ئەدەن ئەڵێن
عالەم ئەبێ خەریك بێ بەسەر ئیش و کارەوە.. هتد[(١)]

ڕۆژی دوایی هەر لەو مزگەوتەدا و لە تەنیشت کاك ئەحمەدی شێخەوە بەخاك سپێردرا شێخ لە تیفیش هەر لە بەندینخانەدا مایەوە تا دوای ١٤ی تەموزی (١٩٥٨) ئازاد کرا[(٢)]. دیارە ژنانی سلێمانی لەپاڵ پیاوان بەشداری کارایان لەم خۆپیشادانانە هەبووە، ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ هەژمار دەکرێ و سەنگ و هۆشیاری ئەو چینە بەرجەستە دەکات، دیارە ئەمەش لە ژێر کاریگەری سیاسەتە توندوتیژەکانی ڕژێمی پاشایەتی بووە،جگە لەوەی سلێمانی لەزۆر بواردا پێشەنگ بووە، لەوانە: بەدیار کەوتنی ڕۆڵی ژن لە بەگژاچوونەوەی سەرکوتکەرانی.

## بابەتی دووەم: خۆپیشاندانی سلێمانی لە دژی هێرشە سێ قۆڵییەکەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦:-

ڕاگەیاندنی خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێس لە ٢٦ تەموزی (١٩٥٦) دا لەلایەن حکومەتی میسرەوە، لێدانێکی کوشندە بوو لە بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسەییەکانی وولآتانی رۆژئاوا بە تایبەتی بەریتانیا، لە بەرامبەر ئەمەدا بەریتانیاو فەرەنسا، دژی ئەم کارەی حکومەتی میسر وەستانەوە، لەسەرەتادا ویستیان بە ڕێگای دیبلۆماسی کێشەکە چارەسەر بکەن، بەلآم هیچ لە بڕیارەکانی میسر گۆڕانکاری بەسەردانەهات، هەر بۆیە لە تشرینی یەکەم و دووەمی (١٩٥٦) دا هێرشە سێ قۆڵیەکەی بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل بۆ سەر میسر دەستیپێکرد[(٣)] بەم هەنگاوەش سەرلەنوێ بزووتنەوەی نیشتمانی گوڕی سەندەوەو کۆبوونەوەو خۆپیشاندان

---

(١) ئازاد عەبدولواحید: دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای بلآوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٦١-٣٦٢.

(٢) نوری عەبدوڵلآ صالح (مەلا نوری ئاغجەلەری): بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٨٨-٨٩.

(٣) جعفر عباس حمیدی: انتفاضة العراق عام ١٩٥٦، الدوریة الوثائیقیة، بغداد، ٢٠٠٠، ص ٨٧-٨٩.

دەستی پێکردەوە، سەرەتای خۆپیشاندانەکانیش لە بەغداد لە کۆلێجەکانی ماف، پزیشکی، دەرمانسازی، ئەندازیاری، لە هەموو لایەکەوە روو لە گۆڕەپانی (باب المعظم) لای کۆلێجی ئەندازیاری و ئاداب کرا، بۆ چەند رۆژێك ئەم کارە بەردەوام بوو، حکومەتی عێراق سیاسەتی گرتن و زیندانیکردنی خۆپیشاندەرانی پیادە کرد، بە هۆی ئەم خۆپیشاندانانە ماوەیەك کۆلێج و قوتابخانەکان دواخران و قوتابیان بۆ شارەکانی خۆیان گەڕانەوە[١].

سەبارەت بە سلێمانی شان بەشانی شارەکانی تری عێراق و کوردستان، ناڕەزایی و تورەیی خەڵك رۆژ بە رۆژ رووی لە زیاد بوون بوو، لەوکاتەشدا لەلایەن (سەعد عەلی) فەرماندەی سەربازی ناوچەی سلێمانی بەیاننامەیەکی بۆ سەرجەم خەڵکی سلێمانی بەسەرجەم چین و توێژەکانەوە بلاّو کردەوە، تێیدا هەڕەشەی توندی لەخۆ گرتبوو، لەناوەڕۆکیدا هاتبوو (لەلایەن فەرماندەی سەربازی سلێمانیەوە ئاگادارتان دەکاتەوە لە بەشداریکردنی هەر خۆپیشاندەرێك، کە هەندێ لە قوتابیانی تەمبەڵ، یان هەڵگرانی بیروباوەڕی تێکدەرانە لە نێو ئێوەدا، خۆیانگرتووە لەسەر بلاّوکردنەوەی گیانی ئاژاوە لە نێو پۆلەکانتان، بۆیە هەر کەسێك بیەوێت خۆپیشاندان بکات، یان بەشدار بێت لە خۆپیشاندان لە قوتابخانە دەردەکرێت و دەنێردرێتە (ئەنجومەنی سەربازی لە ناکاو)[٢]. سەرەڕای ئەم راگەیاندن و توندو تیژیە سەربازیەی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەڵك، کەچی خۆپیشاندانی هاولاّتیان بۆ پشتگیری میسر دەستی پێکرد. سەرەتای خۆپیشاندانەکە لە گۆڕەپانی ماستەکەوە دەستی پێکرد، تا شەقامی سەیوان بۆ بەردەم خانەقا بەردەوابوو، بەلاّم وەك هەموو جارەکانیتر پۆلیسێکی زۆر پەلاماری خۆپیشاندەرانیداو ژمارەیەك خۆپیشاندەر دەستگیرکران کە بەشێکیان بریتی بوون لە (تالب سەید عەلی، نائیب عەبدوللاّ، دکتۆر فارس). دوای سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکەش نزیکەی(٥٤) مامۆستای لە ناو سلێمانیەوە بۆ گوندەکان گواستەوە، کە بەشێکیان بریتی بوون لە (عومەری مام رەحیم، ئیبراهیم سەرکیس، مەجیدی حاجی رەشید، ئیسماعیل عەبدوللاّ، حەمە نوری حاجی سەعید)[٣] بوو.

دانیشتوانی سلێمانی هەلوێستی جوامێرانەیان پیشاندا لە پشتگیریکردنی گەلی میسر و ڕەتکردنەوەی هێرشی سێ قۆلی لە ١٩٥٦، ئەمەش بە هەنگاوێکی ئەرێنی هەژمار دەکرێ لە خەباتی خەباتگێڕانی شاری سلێمانی، کە نەك تەنها داکۆکی لە مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن، بەڵکو ئامادەن لە پێناو ئازادی گەلانیش قوربانی بدەن.

پێویستە بوترێت کە سیاسەتی سەرکوتکەرانە و فەرامۆشکردنی مافە ڕەواکانی هاوولاّتیانی کورد هۆکاری سەرەکی ئەم خۆپیشاندانانە بوون، هەر بۆ نمونە کەسێك بەناوی هاوڕێ عمر کە تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو، دەڵێت: لەپاش گرتنم لە بەغدا لەسەرەتای ١٩٤٩دا دوای ئازاردان و تەحقیقات، براین بۆ ژوورە تاریکەکانی ئەبوغرێب و لە دوو مانگ زیاتر تیای ماینەوە، پاش محاکەمەیەکی صوری نهێنی بێ بواردن بە قسەکردن بە ١٠ ساڵ و ٣ ساڵ موراقەبە حوکم دراین و ناردمیان بۆ بۆ بیابانی نگرەت سەلمان[٤]. هەروەها بەهائەدین نوری دەڵێ: لە ساڵی ١٩٥٣دا لەبەغدا گیرام، پێش گرتنم غیابی حکم درابووم ئەویش لەئەنجامی بەشداریم لەڕاپەڕینی ١٩٥٢، کە گیرام

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، سلێمانی ٦/ ١١/ ٢٠١٤؛ مستەفا عەسکەری: بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١١، ل ٤٧.

[٢] الدکتور طاهر البکاء: مواقف فی وثائق الرأی العالم العراقی والعدوان الثلاثی علی مصر فی وثائق شعبة المخابرات السریة فی وزارة الداخلیة ١٩٥٦، بغداد، ٢٠٠٦ ، ص١٠٢.

[٣] شێخ قادر شێخ تەها: مشتێ لە خەرواری بیرەوەریەکانم، سلێمانی ٢٠٠٦، ١٧١.

[٤] هیوا (گۆڤار): گەڕانەوەی قارەمانەکان بۆ سلێمانی، ژمارە(٣)، ١٩٥٨، ل٣٠.

درام بە محكمەی عورفی و ویستیان ملم بكەن بەسێدارەدا، بەڵام بەرهەلستی و احتجاجی نـاوەو دەرەوەی عێـراق بەرامبەر بە حكومەت، ڕزگاریكردین لە خنكاندن،حكم دراین بە ٢٠ساڵ[1].

كاتێـك شۆڕشـی ١٤ی تـەموزی ١٩٥٨ لـە عێـراق هەلگیرسا، هاوولاتیـانی عێـراق بەگشـتی و كـورد بەتایبـەتی، پشـتگیرییەكی زۆریـان كـرد و بــەخاڵی وەرچــەرخانی گۆڕانكــاری و بــەدیهێنانی ئامانجــەكانیان و بــەڕۆژی سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە برسێتی و كۆیلەتیان دەزانی[2].

## ئەنجام

لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە

یەكەم : سەردەمی حوكمی پاشایەتی و سیاسەتی دەسەلاتدارانی عێراق بەرامبەر بە كورد زۆر خراپ بووە، هیچ كاتێك ئامادە نەبوون بەدەم داواكاریەكانی خەلكی كوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتیەوە بێن

دووەم: بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەكانی شاری سلێمانی ئەوپەڕی ئازایەتی و خۆڕاگری خەلكی سلێمانی دەردەخات بەرامبەر سیاسەتی گرتن و لە سێدارەدانی حوكمی پاشایەتی.

سێیەم: دەسەلاتدارانی عێراق هەمیشە ویستویانە لە ڕێگای گرتن و دەركردن و لە سێدارەدان و بلاوبوونەوەی ترس و تۆقاندنەوە كۆتایی بە خۆپیشاندانەكان بێنن بەلام دواجار خەلكی سلێمانی بەردەوام بوون و ملیان نەداوە بە سیاسەتەكانی ڕژێمی پاشایەتی .

چوارەم: هەر لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر عێراق و ناوچەكەو جیهاندا هات كاریگەری باشی لەسەر ووشیاربوونەوەی خەلكی كوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی دروست كرد، ئەمەش وای كرد خۆپیشاندانەكان بەردەوام بن .

پێنجەم: خۆپیشاندانەكانی شاری سلێمانی لە سەردەمی پاشایەتیدا كاریگەری زۆری لەسەر دۆزی كورد دروست كردو خەلكی كوردستان قۆناغێكی گرنگیان لە جولانەوەی مەدەنی شارەكان بەدەست هێناو دواتر ئەم خۆپیشاندانانە لەسەردەمی دەسەلاتدارێتی كۆماریشدا بەردەوام بوون.

شەشەم: خاڵێكیتر بریتی بوو لە بەشداریكردنی ژنان و كچانی سلێمانی بە شێوەیەكی فراوان كە هاندەرێكی باش بوو بۆ بەشداریكردنی سەرجەم چین و توێژەكان، دواتر ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر بەشداریكردنی ڕەگەزی مێ دروست كرد لەسەرجەم بوارەكانی تری سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

[2] عەبدولخالق عەلائەدین: شۆڕشی ١٤ی تەموز، گۆڤاری (هەتاو)، ژمارە(٤٠)، ١٩٥٨.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

### ا- کتێب بە زمانی کوردی


١- ئازاد عەبدولواحید: دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢- ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٩.

٣- ئەکرەمی سالحی ڕەشە: شاری سلێمانی ٢٠٠سالْ، پێداچوونەوە و پێشەکی د. عیزەدین مستەفا ڕەسولْ، بەرگی یەکەم ، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١١.

٤- ئیبراهیم ئەحمەد: توێژێ لە خەباتی کاکە عومەر دەبابە، ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٦.

٥- توانا رەشید کەریم: سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥- ١٩٥٨)، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

٦- جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی دارالحریە للگباعە، بغداد، ١٩٩٨.

٧- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێ یەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٨- سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح: رۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق ١٩٤٦-١٩٥٨، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١.

٩- عەبدولخالق عەلائەدین: کۆیە و ناودارانی، کوردستان، ٢٠١٤.

١٠- عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دووەم، ئێران، ١٩٥٩.

١١- فەرەیدون عەبولرەحیم عەبدوللا: بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ١٩٩٦.

١٢- کاکەمەم بۆتانی: کاکی کاکان، مرۆڤ و رووناکبیرو شۆڕشگێر، بەرگی یەکەم، خەباتی ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٦١ ی سەرکردەی نەمر عومەر دەبابە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.


### ب- زمانی عەرەبی


١٣- اسماعيل احمد ياغى (الدكتور): تطور الحركة الوطنية العراقية ١٩٤١-١٩٥٢، مطبعة النعمان، بغداد، ١٩٧٩.

١٤- تشارلزتريب: صفحات من تاريخ العراق ، الدار العربية للعلوم، مكتبة مدبولى، لبنان، بيروت، ٢٠٠٦.

١٥- جعفر عباس حميدى: التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية فى العراق (١٩٥٣-١٩٥٨)، بغداد، ١٩٨٠.

١٦- جعفر عباس حميدى: انتفاضة العراق عام ١٩٥٦، الدورية الوثائيقية، بغداد، ٢٠٠٠.

١٧- شێرزاد زكريا محمد: اثر حلف بغداد ١٩٥٥ على الحركة التحررية القومية الكوردية، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٦.

١٨- طاهر البكاء (الدكتور): مواقف فى وثائق الرأى العالم العراقى والعدوان الثلاثى على مصر فى وثائق شعبة المخابرات السرية فى وزارة الداخلية ١٩٥٦، بغداد، ٢٠٠٦.

١٩- عبدالرزاق الحسنى: تأريخ الوزرات العراقية، جزء (٩)، دار الشؤون الثقافية، العامة، بغداد، ١٩٨٨.

٢٠- عبدالرزاق الحسنى، تاريخ الوزرات العراقية، الجزء السابع، الطبعة السابعة، بغداد، ١٩٨٨
٢١- عبدالرزاق أحمد النصيري: عبدالهادي الخماس ١٩٣٩-١٩٥٨، دراسة تاريخية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠١.
٢٢- عصمت السعيد (الدكتورة): نوري السعيد رجل الدولة والانسان، ط٢، بيروت، ٢٠٠٣.
٢٣- كاوس قفطان(الدكتور): الحركة القومية التحررية الكردية فى كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، سليمانية، ٢٠٠٤.
٢٤- دكتۆر كمال مظهر احمد : صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، دراسات تحليلية، بغداد، ١٩٨٧
٢٥- مير بصرى: أعلام السياسية فى العراق الحديث، الجزء الاول، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥.
٢٦- ولدمار غلمن: عراق نورى السعيد، بيروت، ١٩٦٥.

**دووەم: بیرەوەری:-**

**ا- بەزمانی کوردی**

٢٧- بەهادین نوری: بیرەوەرییەکان، بەشی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٥.
٢٨- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ: بەشێك لە یاداشتەکانم، بەرگی یەکەم، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٩- غەفوری میرزا کەریم: چەند مەلۆیەك لە خەرمانی نووسینەکانمدا، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەریمی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١.
٣٠- فەتاح تۆفیق فەتاح ناسراو بە (مەلا حەسەن): حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣١- قادر شێخ تەها: مشتێ لە خەرواری بیرەوەریەکانم، سلێمانی ٢٠٠٦.
٣٢- قادر میرزا کەریم: مێژوویەکی پڕ لە شانازی، بیرەوەری، بەرگی دووەم، چاپەمەنی ئەزمەڕ، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٣٣- گەلاوێژ: بیرەوەرییە هەرگیز لە بیرنەکراوەکانی من، بەشی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٤- مستەفا عەسکەری: بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١١.
٣٥- مستەفا ساڵح کەریم: یەکێتی نووسەرانی کورد رێبازو هەڵوێست، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٢
٣٦- مەسعوود محەمەد: گەشتی ژیانم، چ٣،سەنتەری لێکۆڵینەوەی پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩.
٣٧- نایب عەبدوڵلا: بیرەوەری ٢١ ساڵی تێکۆشان، چاپی دووەم، پەخشخانەی نەورۆز، سلێمانی ١٩٩٧.
٣٨- نوری عەبدوڵلا صاڵح (مەلا نوری ئاغجەلەری): بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩.

**ب- زمانی عەرەبی**

٣٩- مذكرات توفيق السويدي: نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٩.

**سێیەم: گۆڤار:-**

٤٠- پەیام (گۆڤار): پەیمانی بەغدا بخوێنەوە، ژمارە (٣٢٢)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٥٥.

٤١- زێبا عبدالواحد خەیات: پێویستی سەرشانی ئافرەتی خوێندەوار، گۆڤاری(هەتاو)، ژمارە (١٠٩)، ١٩٥٧.

٤٢- شاکر فەتاح: ژین، گۆڤاری(هەتاو)، ژمارە(٤)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٥٤.

٤٣- هیوا (گۆڤار): گەڕانەوەی قارەمانەکان بۆ سلێمانی، ژمارە(٣)، ١٩٥٨.

**چوارەم: رۆژنامە:-**

٤٤- چاوپێکەوتنی شیلان ئەحمەد لەگەڵ محەمەدی حاجی تایەر، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٢١٢٧)، ٢٣/ ٤/ ٢٠٠٠.

**پێنجەم: چاوپێکەوتن:-**

٤٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٤٦- ـــــــــــــ جەمال بابان، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٤٧- ـــــــــــــ حسێن عارف، سلێمانی ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٤٨- ـــــــــــــ مامۆستا حەمە سەعید عەلی عوسمان،سلێمانی، ١٢/ ١١/ ٢٠١٤.

٤٩- ـــــــــــــ مامۆستا حسێن عبدالقادر علی، سلێمانی ١٢/ ١١/ ٢٠١٤.

٥٠- ـــــــــــــ د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، سلێمانی، ٢٩/ ١٠/ ٢٠١٤.

٥١- ـــــــــــــ لەتیف عارف قەرەداخی، سلێمانی، ٣/ ٤/ ٢٠١٥.

٥٢- ـــــــــــــ مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٥٣- ـــــــــــــ مستەفا عەسکەری، سلێمانی ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٥٤- ـــــــــــــ مەحمود قادر مەحمود، سلێمانی، ٣/ ٤/ ٢٠١٥.

## پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی

خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سلێمانی لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا بۆ ئەو کاتەی بارودۆخی کوردستان و دۆزی ڕەوای کورد، مانای هۆشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری کورد و خەڵکی سلێمانی دەگەیەنێت، چونکە لەو سەردەمەدا خەڵکی سلێمانی لە بەرامبەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حکومەتی عێراق بە رامبەر دۆزی ڕەوای کورد و ئەو گۆڕانکاریانەی لە عێراق و ناوچەکە ڕوویاندەدا کە هاوتەریب بوون لەگەڵ دۆزی ڕەوای کورددا ، بێ دەنگ نەبوون و توانیان وەڵامدانەوەیان هەبێت و وا بە ئاسانی پابەندی بڕیارەکانی حکومەتی پاشایەتی نەبن.

ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە وێنەیەکی ڕاستەقینەی بەگژداچوونەوەکانی خەڵکی سلێمانی بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان پیشان بدەین و ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە دەنگی ئازادی و رزگاری گەلانی زوڵم لێکراوی ئەو کاتەی عێراق بە سیاسەتەکانی ڕژێمی پاشایەتی کپ نەدەکران، بەڵکو بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سلێمانی ئەو ڕاستەیەی سەلماند کە پێویستە حکومەتی ئەو کاتەی پاشایەتی عێراق بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە گۆڕانکاری گرنگ لە هەڵوێستەکانیدا بکات، چونکە لە لایەك بێ بەش کردنی خەڵکی سلێمانی لە هەڵبژاردنەکان و نەتوانینی خۆ کاندید کردنی ئازادانەی خەڵك لە هەڵبژاردنەکان دا لەلایەکیتر دەست نیشانکردنی چەند کەسێك وەك نوێنەری خەڵکی سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەبێ ئەوەی خەڵکی سلێمانی دەنگی بۆ دابن، ڕق و بێزاری لەلای خەڵك دروست کردبوو بەردەوامی بە ناڕەزایەتیەکان و خۆپیشاندانەکان دەدا .

پلانی توێژینەوەکەمان بریتی یە لە پێنج تەوەرە کە تەوەرەی پێنجەم بۆ دوو بابەت دابەش کراوە، لە تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکەدا باسی  خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە کانوونی دووەمی ١٩٤٩ دا کراوە لە تەوەری دووەم خۆپیشاندانی سلێمانی لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٢ خراوەتە ڕوو لە تەوەری سێیەمیشدا خۆپیشاندانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٤دا باسی کراوە هەروەها تەوەری چوارەمیش بۆ خۆپیشاندانی سلێمانی دژی پەیمانی بەغداد لە٢٥ی شوباتی ١٩٥٥دا تەرخان کراوە کە ئەم پەیماننامەیە کاردانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێناو دواتر جێ بەجێ نەکرا، تەوەری پێنجەمیش خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە ساڵی١٩٥٦ لە دوو بابەتدا خراوەتە ڕوو بابەتی یەکەم خۆپیشاندانی سلێمانی لەکاتی هاتنەوەی تەرمی شێخ مەحمود ١٩٥٦ توێژینەوەی لەسەر کراوە، هۆکارو دەرئەنجامەکانی باس کراوە، لە بابەتی دووەمیشدا خۆپیشاندانی سلێمانی لە دژی هێرشە سێ قۆڵییەکەی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦ و کاردانەوەی لەسەر خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی سلێمانی بە تایبەتی باس کراوە.

## ملخص البحث

### مظاهرات السليمانية للأعوام ١٩٤٩-١٩٥٨

مدينة السليمانية معروفة بحضارتها ومدنيتها ومكانتها بوصفها واحدة من المدن التى تمتلك مواقف مشرفة ظاهرة للعيان، ولا سيما في الجانبي الثقافى والسياسى، من خلال المشاركة الفاعلة للمظاهرات والتصدي السياسي للتجاوزات التى مارسها النظام الملكي في العراق، عبر سلبها للحقوق المشروعة للشعب الكردي، وممارستها لصنوف متعددة من الاذى الجسدي من خلال زج الكثيرين في السجون وممارسة القتل المتعمد لأصحاب المواقف المشرفة.

ولم تكن نساء السليمانية بعيدات عن هذه الممارسات، اذ مارست دورها جنباً الى جنب الرجال في المعترك السياسي من خلال مشاركة ودعم المظاهرات، بما يشكل علامة خارقة على تنامي الوعي الثقافي لأهل السليمانية في ذلك الوقت وتحديهم للسياسات الخاطئة في النظام الملكي، وبعد زوال النظام الملكي وانتصار ثورة ١٤تموز١٩٥٨، استقبل سكنة السليمانية بفرح غامر الثورة من خلال الاهازيج والدبكات، احتفالاً بانتصار الثورة، مما يدلل على اظهار السرور لهذا التحول التأريخي. يتكون هذا البحث من خمسة محاور، تضمن المحور الاول المظاهرات التي شهدتها السليمانية عام ١٩٤٩، بينما تناول المحور الثاني مظاهرات أهل السليمانية في أواخر ١٩٥٢، والمحور الثالث يتحدث عن مظاهرات أهل السليمانية في ١٩٥٤، والمحور الرابع يتناول بالخصوص مظاهرات أهل السليمانية ضد معاهدة بغداد ١٩٥٥، والمحور الخامس يتضمن موضوعين، الموضوع الاول منه يتناول مظاهرات السليمانية أثناء عودة جنازة الشيخ محمود الحفيد، والموضوع الثاني يتناول مظاهرات أهل السليمانية ضد العدوان الثلاثي (بريطانيا- فرنسا- اسرائيل) سنة ١٩٥٦ على مصر.



## Abstract

### Sulaimany demonstrations (1949 – 1958)

Sulaimany city is famous of having civilization and has a significant role in the intellectual and political movements, they have had a great attitude, and had an active participation against the bad policy of the Iraqi kingdom regime, which they did not recognize the rights of Kurdish people and continuously torturing, jailing and killing the people of the city,The women and men equally took an active part in that demonstrations, this proves the awareness of people at that time, they always rebelled against the bad policy of the kingdom regime authorities, and they sacrificed for that sake.

After the fall of the kingdom regime and the victory of the $14^{th}$ July revolution in 1958, people of Sulaimany received it happily, had a victory celebration and supported it.

This study consists of five axes; the first one is concerned with the demonstration of Sulaimany people in January 1949. The second one is specified for the demonstrations in the end of 1952. The third axis is about the demonstrations in 1954. The forth one is concerned with the demonstrations against the Baghdad treaty in 1955. The fifth axis falls into two sections, the first one is concerned with the demonstrations at the time of bringing back Sheik Mahmoud’s body in 1956 and the second section is about the demonstrations to support Egypt against the three allied attack of British, French and Israel in 1956.